# کیشەی کەرکوک و ئایندەکەی

ئاسۆ حامدی
15 سێپتێمبەر 2005

هەرکەس رابەر بێ دەبێ ئاگاداری گشت کارەکان بێ، بۆ یە رابەر هەیە تا بزانێ داهاتوو بە کوێ دەگا، یان دەبێ داهاتوو بۆ ئەو شوێنە حەرەکە پیبکا کە قازانجی گشت و هەمووانی تیادایە. کەرکوک ئەم رابەرەی نیە.زۆر ناکۆکی و کێشە کپ دەبن بەلام هەر دەمێنن.کەرکوک سیمای ئەم کیشانەی هەیە کە دەبێ زۆر هوشیارانە مامەڵەی لەگەڵ دابکری، ئەگینا وەکو شەرِی شەقامەکانی بەلفاستی لێدی و دەبێ گەلان سەنگەر لەیەک بگرن. کە جێگای داخە لاوان لە پیناوی قازانجی کەمایەتیەک ببن بە قوربانی و هەر خەلکی هەژار لە کورەدا دەسوتینریین..

لە جیهان پیکەوەژیانی گەلان لەیەک شاردا لە جیاتی مایەی خوشی و کامەرانی و گەشەدان بە کەلتورو هاوتەبای لە نیو دانیيشتوانیان بی ئەوا کیشەکانی میللی، مەزهەبی و تایفی کە بنەمای ئابووری شار لە دەست ئەو یان ئەم دەبیتە مایەی رق و کینەو دوژمندارییەکی قوولی دروست کردووە. رژیمی کومەلایەتی سەرمایەداری لە م وولاتاندا زیاتر گەشەی بەمە دا وەو دەدا.
هەر لە موستار تا دەگاتە بلفاست و بەرلینی سەردەمی بلوکی سارد و کەرکوک، سەدان شار لە جیهاندا بوونەتە مەنجەنیق بو دانیشتوانیان و جارنا جارپیوە دەسوتین.
هەرکاتێ مەسەلەی دەسەلاتی شار یانی بەدەستەوەگرتنی ناوەندی ئابووری شار دەبیتە ناوەندی کێشەکان و گرفتی مەلکداری چرِ دەبیتەوە و کاتێ مەسەلەی ناسنامەی شار دەبێ و دەیەوێ دیاریبکرێت لەهامان کات هەموو رەگەزە جیا جیاکان و مەزهەبە جوراوجۆرەکان لە مقۆ مقۆ دان بۆ گرتنە دەستی دەسەلاتی شارو ناوەندی ئابووریەکەی، هیزو جەرەیانە مەزهەبی و ناسیونالیستەکان بۆ ئیدامەدان بە خۆیان و هیزەکانیان هەم بۆ بەهیزکردنی بنەمای ئابوورییان هەم بۆ زیادکردنی کەسبی مەعنەوی لە نیو کومەلانی خۆیاندا مزایەدە بەم کێشانە دەکەن.

شاری کەرکوک یەکیک لەو شارانەیە کە گەل و مەزهەبی جیاجیای تیادا ژیاوەو دەژی، لەوەتەی مرۆڤ هەیە دیاردەی کۆچەری هەر هەبووە و دەبێ ، هەموو شتێ لە گۆرِانە، شار ، ناسیونالی مرۆڤ ، چینە کۆمەلایەتیەکان ..هتد..هتد. تەنها حەقیقەتە مجەررەدەکان نەبێ بە نموونە کەرکوک لە کوردستان دایە.

میژووی شاری کەرکوک لە مێژووی کێشەکانی کۆنترە.. مێژوو کێشەی شاری کەرکوک لەگەڵ شیواندنی مێژووی عیراق دەستی پێکرد، گەشەی بزوتنەوە ناسیونالیستەکان لە عیراق دا هەندەی تر کێشەکانی قووڵکردەوە.

راستیەک
پرۆسەی ئالوگۆری شاری کەرکوک لە ئەنجامی سروشتی کۆچەری مرۆڤەکانی ناوچەکەدا نەبووەو نیە، هەروەها لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایانی گۆرِانی ناسیونالی ناوچەکە نیە. بەلکو لە ئەنجامی سیاسەتیکی شوڤینزمی عەرەبی لە سەرەتای دۆزینەوەی نەوت وەک سەرچاوەیەکی

ووزه لەم شارە پرۆسەی ئاڵوگۆری خیراو بێ بەزەییانە کرد، ناوەرۆکی مەسەلەکەش لیرەدا سەرچاوەدەگرێ..

دیمەنیکی تر

خۆ ئەگەر سەیری ئاماری شارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بکەین بە دەیان مەزهەب و ناسیونالی جیاجیای تیادا دەژی، بەلام چونکە بە پرۆسەیەکی دریژخایانی کۆچەری تێپەر بوونە و دەبن لەلایەنی مێژووییەوە ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر مەلبەندی ئابووری و دەسەلات لە سەر بنەمایەکی یاسایی یەکلابۆتەوە ( سەرمایە سنوور ناناسێ). بۆیە لە شاریکی وەکو پاریس و لەندەن ئەم هەموو رەگەزە جیا جیا یە پێکەوە دەژین و گرفتی هاتنە سەرکاری میللەتی ئینگلیز گرفتێ نیە ( لە باری رەگەزەوە) لە ئەنجومەنی شارەوانی شاردا. بەلام لە بەلفاستدا ئەم کێشە هەر هەیە لە نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانتەکاندا. جونکە وولاتی داگیرکراوی ئیرلەند داوای ئازادی دەکات.

سیناریوی شاری کەرکوک

لە کەرکوکدا کورد و تورکمان و کەمێ عەرەب و کریستیەکان هەن و هەبوون ئەمە لەباری ناسیونالی ، لەباری مەزهەبی ئیسلام ( سوونی، شیعە)،مەسیحیەکان و کاکەیی و سوبی هتد هەن، بە کورتی کەرکوک نموونەی میزۆپۆتامیای بچوکە.
ناسیونالیزمی شۆفینزمی عەرەبی زۆر زیاتر لەوەوە چوو هەر دیموگرافیای شار بگۆری.
رووداوەکانی شاری کەرکوک لە ساڵی 1948 سەرەتای سەرهەلدانی رق وکینەی نەتەوایەتی بوو لە کەرکوک، کە لەم رووداوە کێشەی نێوان تورکمان و کورد لەلایەک و لەلایەکی تر وەزعیەتی سیاسی و حزبی شوعی عیراق لەم کاتتدا مەسەلەکانی ئالۆزتر کرد. لە هەشتاکاندا لە نێو ئەم هەموو سیاسەتەی تەعریب و تەبعیس ی ئەوکات پەیکەری رابەریکی تورکمانەکان لە کەرکوک دروست کرد، بۆ هەرچی زیاتر دووبەرەکایەتی لە نیوان تورکمان و کورددا هەبی. چونکە زۆرینەی شاریان پێکدەهینا.
ناسیونالیزمی فاشستی بەعس لە شەستەکان تا دواین سالی تەمەنی 2003 کە چارۆگەی تۆپەکانی تۆماهۆک هەلیپیچا، کەرکوک بە نیازی ئازادی بوو، ناسیونالیزمی کورد چەقۆی بۆ دەسووی، هەر لە شعاری کەرکوک دلّی کوردستانە ..تا دەگاتە کەرکوک قودسی کوردستانە ..بوونە قوربانی ناکۆکیە ناوخۆیەکانی ناسیونالیزمی کوردو دووبارە فرسەتی بەدەستەوەگرتنی شاریان لەدەستدا.خۆ ئیستا ئەم شعارانە هەر لەسەر لاندکرۆزەکانیش بە نووسین نەماوە..
ناسیونالیزمی کورد چونکە سیاسەتی حزبایەتی زاڵ دەکات بەسەر مەسلەحەتی بالای ناسیونالی هیچ کات ناتونێ فرسەت بقۆزتەوە..
گەلی تورکمان و بزوتنەوە ناسیونالیستەکەی ئەم هیزو جەماوەرەیان نیە تا فرسەت وەربگرن و بقۆزنەوە، تاکە هیوایان میتەکانی تورکیا و رەسمەکەی ئەتاتورک و کلاوە قوچەییەکەی عوسمانیەکانە، ئەمەش دەمێکە زەمەنی بەسەر چووە و هیواکانیان لەگەڵ رێگەگرتنی پەرلەمانی تورکیایی لە سوپای ئەمریکا چوونە گۆڕەوە.

ناسیونالٚ عەرەبە ئەسلیەکان کەمایەتی کەمن و تەنها خێزانی حەدیدیەکان دەگریتەوە و زیاتر نین، لەگەڵ مەسیحیەکانی عەرفە ئەمانە هەردەم کەمایەتی کەم بوون. ناسیونالیزمی شوڤینزمی عەرەبی لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعسدا کۆتاییان بە زۆرینەو دەسەلاتیان هات.
سەرکردایەتی ناسیونالیزمی کورد رێگر بوون لەبەردەم ناسنامەی کورد بوون و نەبوونی کەرکوکدا. ئەگەر لە پێش ئوپراسیونی داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمریکاوە یەك لەبالەکانی ناسیونالی کورد رێگەی بە ئەوتریان بدابا ئەوا کێشەی کەرکوک وەك کێشەیەکی ناوخۆی کۆتایی دەهات وەکو خانەقین و زمارو شیخان و مەخموری لیدەهات.بەلام وەک کێشەیەکی دەرەکی لە ستراتیژی نەوتی جیهانی هەردەما.
ئەمریکا و بەریتانیا بە ئاشکرا کەرکوک بە ولاتیکی تر دەزانن و قونسلیەی تایبەتی خۆیانیان تیادا ناوە.
احتیاتی نەوتی کەرکوک لە سەدا 60 ی احتیاتی نەوتی عیراق پێکدەهینی ، وولاتی عیراقیش دووەم وولاتی دونیایە لە احتیاتی نەوتدا.
ئەمریکا و بەریتانیا دەستیان لەم شارە کاتێ بەردەبێ کە ئەلتەرناتیڤی ئینرژی بە نرخی هەرزان پەیدابوو. ئەوکات کەرکوک و بەدرەو جەسان یەکن.
ئەمریکا و وولاتانی ناوچەکە بۆ زیاتر بالادەست بوون بەسەر کەرەستەی خاوی شاری کەرکوک زەمەنیکی تریش گەلانی شاری کەرکوک جارناجارە بەگژ یەکتر وەدەنێن بۆ گەرم راگرتنی رووداوەکان، بەلام هەمووشیان پەڕو بالیان کراوەو سەربازانی مارینز دەتوانن هەموو بارەگایەک بپشکنن، پاریزگاری کەرکوکیش لە سەدان مقابەلەی رۆژنامەوانی دەلێ بودجەمان نیە و هیچمان پێنادەن. ئەنجومەنی کارتونی شاریش هەر لە چەشنی پەرلەمانی عیراقە..چۆن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عللاوی و جەعفەری ناتوانن یەک پۆلیس لە کەرکوک نەقل بکەن.بە کورتی وولایەتی کەرکوک وولایەتی سەربەخۆ و بێ دەسەلاتی ناسیونالی گەلانی شارەکەیە. ناسیونالیستی کورد هەلی بە دەستەوەگرتنی دەسەلاتی شاری لەدەستدا و ناسونالیستی تورکمان و عەرەبش هەر ئەم دەسەلاتەیان نەبووە تا فرسەت لەدەست بەدەن. بەکورتی دەسەلاتی شار کارتیلەکانی کۆمپانیای نەوتی شێل و تەکساکۆ بەرێوەی دەبەن و زێدەبای کریکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک لە داوجۆنس و تۆکیو نیویۆرک دا کەڵەکە دەبێ. لەگەڵ ئەوەش بەداخەوە تەقینەوەو کوشتن و برینی نێوان گەلانی شاری کەرکوک دەورانێکی تریش بەردەوامی دەبێ..ئایندەی ئەم شارە هەر ئاگری بابەگوڕگور رووناکی دەکاتەوە.
ریکخراوەکانی چەپ لە کەرکوک لە گەل رێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکا کریکاریەکان دەبێ هەولی جددی بدەن خەلکی کریکارو زەحمەتکیش لە کورەی ئاگری شەرو دوژمنایەتی نەسوتین. لەم نیوەدا سەندیکای کریکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دەتوانن و دەبێ رۆلی خۆیان ببینن بۆ بەربەستی سینارۆی شەڕی ئایندەی کەرکوک لە نیوان گەلانی جیاجیا دا بە پێ هۆکارە دەرەکیەکانی و کاریگەری سیاسەتی نەوتی ئەمریکا و غەرب لە جیهاندا و وولاتانی ئەقلیمی بۆ مەشغول کردنی سەربازانی ئەمریکا و دەست کەوتنی مەسلەحەتی جوزئی لە مەسەلەی کەرکوکدا.